# پۆپۆلیزم
# و
# دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

*زنجیرەی هۆشیاریی حزبی / ژمارە /* **2** *ی شوباتی* 2024

رێکەوت ئیسماعیل

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری - بۆردی هۆشیاری

سلێمانی

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## زنجیرەی هۆشیاریی حزبی

زنجیرەیەک نامیلکەی تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی حزبی، بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ناوبەناو دەریدەکات. ئامانج لەم زنجیرەیە بریتییە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دیدی یەکێتی لە پرسە جۆراوجۆرە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەر بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە هۆشیاریی حزبییەوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

# پۆپۆلیزم
# و
# دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕێکەوت ئیسماعیل

-ناوی نامیلکە: پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ئامادەکردنی:رێکەوت ئیسماعیل

- بەڕێوەبەری زنجیرە: رێکەوت ئیسماعیل

- دیزاین: ئەمیرە عومەر

- تیراژ: ( 2000 ) دانە

-ساڵی چاپ: 2024

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری

مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پۆپۆلیزم

# و

# دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێشەکی:

زاراوەی پۆپۆلیـزم مێژوویەکـی زۆر کۆنـی نییـە لـە ئەدەبیاتـی سیاسـیی کـورد، بەڵکـو تازەیـە و سـەرەتای بەکارهێنـان و ئامـاژە بـۆ کردنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەشـتاکانی سـەدەی پێشـوو، کـە لـە ئەدەبیاتـی چەپـی سیاسـیی ئـەو سـەردەمەدا کـەم تـا زۆر حـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییە چەپـەکان ئاماژەیـان بۆ کـردووە[1].

لـە نـاو ئەدەبیاتـی نوێـی سیاسـیدا بەکارهێنـان و بـرەو سـەندی زاراوەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای دروسـت بوونـی بزووتنـەوەی گـۆڕان، ئەوسـا هەنـدێ لـە شـرۆڤەکارانی سیاسـی بێلایـەن و لایەنـدار ئـەو بزووتنەوەیەیـان وەک شـەبەنگێکی پۆپۆلیسـت وەسـف دەکـرد.

---

١- بـۆ نمونـە کتێبێکـی مەنسـوری حیکمـەت بـە نـاوی (پۆپۆلیزم لـە بەرنامـەی لانـی کەمـدا)، کـە لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا بـڵاو کرایـەوە.

بوونـی کەسـان و حـزب و ڕێکخـراوی پۆپۆلیسـت لـە هەمـوو کۆمەڵگاکانـدا ئاسـاییە، بۆیـە بـۆ ئێمـەی کوردیـش زۆر ئاسـاییە کـە لـە کوردسـتاندا بـەردەوام یاخـود نـاوە نـاوە حـزب و شـەبەنگی پۆپۆلیسـتی لـە نێـو گۆڕەپانـی سیاسـیدا پەیـدا ببـن.

ڕەنگـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پشـکی شـێری بەرکەوتبێـت لـەو شـاڵاوانەی کـە حـزب و ڕێکخـراوە پۆپۆلیسـتەکان دەیکەنـە سـەری. ئـەو حـزب و ڕێکخراوانـە کـە نـاو بـە نـاو سـەرهەڵدەدەن و یەکـەم لایەنیـش یەکێتـی دەکەنـە ئامانـج، هەندێکیـان خێـرا وەکـو باڵۆنـی فـوو تێکـراو فـش دەبنـەوە و هەندێکیشـیان ماوەیەکـی درێژتـر بڕیـان کـردووە و ماونەتـەوە. لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا دەبێـت یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ئاگایانـە لەگـەڵ ئـەم شـەبەنگە لـە سیاسـەت مامەڵـە بـکات، وەک چـۆن دەبێـت کادیرەکانیشـی بەرچاویـان ڕوون بێـت لـە ناسـینەوە و ڕەفتارکـردن لەگـەڵ ئـەم جـۆرە دیاردانـەدا.

ئایـا گرایشـی پۆپۆلیسـتی لـە کوردسـتاندا بەهێـزە؟ ئایـا دیماگۆگـن یـان نوێنەرایەتـی ئیـرادەی ڕاستەقینەی گـەل دەکـەن؟ کێـن ئەوانەی پۆپۆلیسـتن و لـە کام حـزب و ڕێکخـراودا خۆیـان مـەڵاس داوە؟

کامـە بارودۆخـی سیاسـی دەبێتـە هـۆکاری هەڵهێنـان و تروکاندنـی گـەرای ئـەو مشـەخۆرانە؟ ئایـا هەمـوو ئەوانەی دەنـگ بـە پۆپۆلیسـتەکان دەدەن خۆشـیان پۆپۆلیسـتن؟ ئەمانـە و چەنـدان پرسـیاری تـر هـەوڵ دەدەیـن لـەم نامیلکەیـەدا بـە کورتـی وەڵامیـان بدەینـەوە و وەک بەرچـاو روونـی بیخەینـە بەردەمـی کادیرانـی یەکێتـی.

ئێمـە هـەوڵ نادەیـن لـە دیدگایەکـی حزبـی و ئایدیۆلۆژییـەوە شـیکردنەوە و شـرۆڤەکاری بـۆ تێگـە و زاراوەکان بکەیـن، چونکـە هۆشـیارکردنەوەی کادر ئەوەمـان لێدەخوازێـت کـە بنەمـا زانسـتی و ژیربێژییـەکان بکەینـە بناغـە بـۆ ئـەو کارە، لـەوەش زیاتـر لـە هـەر شـوێنێکدا پێویسـت بـکات رەخنـە لـە سیاسـەت و بۆچوونەکانـی خۆشـمان بگریـن، ئـەوە بەبـێ دوودڵـی ئـەو کارە دەکەیـن و بەرچـاوی کادیرەکانـی خۆمـان لەسـەر ئـەو پرسـە روون دەکەینـەوە، چونکـە بناغـەی سیاسـی و حزبیـی یەکێتـی لـە بنەڕەتـا لەسـەر ئـەوە دروسـت بـووە کـە پێـش هەمـوو شـتێک هەڵسـەنگاندن بـۆ فکـر و ئەندێشـەی خۆمـان بکەیـن و دواتـر رەخنـە لـە بەرامبەرەکانمـان بگریـن.. لێـرەدا دەمانەوێـت سـەرنجی کادیرەکانـی خۆمـان بـۆ خاڵێکـی گرنـگ رابکێشـین، ئەویـش ئەوەیـە کـە لـەم نامیلکـە تایەیبەتکـراوە بـە پۆپۆلیـزم خۆمـان بـە دوور

گرتـووە لـەوەی کـە نـاوی حزبێـک یـان بزووتنەوەیـەک یـان سـەرکردەیەکی پۆپۆلیسـت لـە کوردسـتان بێنیـن. هەڵبەتـە لـە ناواخنی نوسـینەکەدا خوێنەری هۆشـیاری ئێمــە زۆر خێـرا دەتوانێــت درک بــەوە بــکات کامــە ڕێکخـراو یـان سـەرکردە ئـەو جـۆرە ئامـراز و تاکتیکـە پۆپۆلیســتانەی بــەکار هێنــاوە، بۆیــە ئێمــە ئــەو کارە لێگەڕاویــن بــۆ تێگەیشــتن و هەڵســەنگاندنی خــودی خوێنــەر و هەوڵمانــداوە چەنــدە بتوانیــن بابەتییانــە لــە نــاو چێــوەی بابەتەکانــدا بمێنینــەوە..

# پۆپۆلیزم و
## دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**پێناسەی پۆپۆلیزم:**

پێناسەکردنی پۆپۆلیزم ئاسان نییە و ئاڵۆزە. بۆیە سەرەتا لە پێناسە گشتییەکەوە دەستپێدەکەین. پۆپۆلیزم (Populism) یان (خەڵکگەرایی، عەوامگەرایی، یاخود جەماوەرچێتی) لە وشەی لاتینی «پۆپۆلۆس» ەوە هاتووە کە بە واتای جەماوەر یاخود خەڵک دێت. ڕەنگە سادەترین پێناسە بۆ پۆپۆلیزم ئەو باوەڕە بێت کە سیاسەتەکانی حکومەت بە ئیرادەی خەڵک (جەماوەر) یەکلایی بکرێتەوە، نەك لەلایەن کۆمەڵێك کەسی دەستەبژێرەوە قۆرغ بکرێت. پۆپۆلیزم ڕێباز و تێگەشتنێکە لە سیاسەت کە جەخت لە بیرۆکەی گەل دەکاتەوە، ئەم ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە وا پیشاندەدات کە لە بەرەی گەلە دژ بە بەرەی نوخبەکان یاخود دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە، کە تەنها رێژەیەکی یەکجار کەمی کۆمەڵگەن و بەسەر هەموو جومگەکانی بڕیار و دەسەڵات و بەڕێوەبردندا زاڵن. پۆپۆلیستەکان جەخت لەسەر گەل دەکەنەوە بەردەوام و لە هەموو شوێنێکدا لەم خاڵەدا هاوبەشن. ئەوان گەل وەکو

هێزێکـی ئەخلاقـی (پاکـژ و پـاک و بێگـەرد) نـاو دەبـەن و ئـەوان دەخەنـە بـەردەم دژبەرەکەیـان کـە نوخبەیەکـن لـە نـاو دەسـەڵات بـە (گەنـدەڵ و مشـەخۆر و بـێ رەوشـت) ناویـان دەبـەن.

پۆپۆلیـزم دیاردەیەکـی کۆنـە و تـازە نییـە. یەکەمیـن بزووتنـەوەی پۆپۆلیسـتی کـە لـە مێـژوودا نـاوی دەبرێـت، ئـەو گروپـەی نـاو ئەنجومەنـی پیرانـی رۆمایـە، ئەندامەکانی ئـەم گروپـە بڕوایـان بـە جولاّنـدن و ئاڵۆسـکاندنی جەمـاوەر و وروژاندنیـان هەبـوو، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بڕیارەکانـی خۆیـان تێپەڕێنـن و لـە رێـگای ریفراندۆمـەوە خۆیان بەسـەر ئەنجومەنـی پیرانـدا بسـەپێنن. هەندێـک لـە مێژوونوسـان دەڵێـن لـە سـەدەی پێنجەمـی پێـش لەدایکبوونـی عیسـا لـە ئەسـینای پایتەختـی یۆنـان سـەریهەڵداوە.

لـە سـەردەمی نوێـدا لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا لـە ئەمریـکا سـەریهەڵدا، کاتێـک کـە پارتـی گـەل لـە پێنـاو دانیشـتوانی گونـدەکان و جوتیارانـدا بـە تونـدی خەباتـی دەکـرد. لـە هەمـان ماوەشـدا لـە روسـیا بزووتنـەوەی نارۆدنیـک پەیـدا بـوو کـە بـە پۆپۆلیسـت ناودێـر کـراوە، هەرچەنـدە ناوەڕۆکـی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیـان تـەواو جیـاواز بـووە.

لـە سـەدەی بیسـتەمدا زاراوەی پۆپۆلیـزم بۆ وەسـفکردنی بزووتنـەوە و سـەرانی حزبـە جیـاوازەکان بەکاردەهێنـران، لـە ویلایەتەیەکگرتووەکانـی ئەمریـکاش لـە پەنجاکانـی سـەدەی بیسـتەمدا ئـەو زاراوەیـە وەك ئاماژەیـەك بـۆ

پارتــی پێشــکەوتنخواز کــە تیــۆدۆر رۆزفلــت ســەرۆکایەتی دەکــرد و بــۆ حزبــی مەکارتییــەکان کــە جۆزیــف ریمۆنــد مەکارتــی ســەرۆکایەتی دەکــرد بــەکار دەهێنــرا. هەروەهــا بــۆ شۆڕشــە سۆشیالیســتییەکانی ئەمریــکای لاتیــن و پارتــی چــا بەکاردەهــات.

بزووتنــەوەی حزبــی چــا، لــە ســاڵی ٢٠٠٩ لــە ئەمەریــکا پەیدابــوو، لــە گردبوونــەوەی چەندیــن شــەبەنگی جیــاوازی کۆمەڵگــەی ئەمەریــکا پێکهاتــووە. زیاتــر رەنگدانــەوەی ناڕەزایــی چینــی ناوەڕاســت بــوو. بیرۆکــەی دروســتکردنی ئــەم بزووتنەوەیــە کــە لەلایــەن بەشــێکی زۆر لــە نەیــاری دیموکراتــەکان پەیدابــوو، دەگەڕێتــەوە بــۆ شۆڕشــی چــا کــە لــە ســاڵی ١٧٧٣ لــە ئەمەریــکا، دژی بەرزبوونــەوەی باجــی چــا کــە ئینگلیــزەکان بەســەر ئەمەریکایــان ســەپاند، ســەریهەڵدا.

بزووتنــەوەی چــا، ســەرەتا ئۆبامــای بــە کۆمۆنیســت تۆمەتبــار دەکــرد، چونکــە بەرژەوەنــدی ســەرمایەداران دەخاتــە مەترســییەوە، پاشــان تۆمەتــی ئەندامێتــی رێکخــراوی قاعیدەیــان دەدایــە پاڵــی. ئەندامانــی بزووتنــەوەی چــا، پۆپۆلیســتانە رەفتــاری سیاســی دەکــەن، هەمــوو شــتێک بــۆ خۆیــان حــەڵاڵ و بــۆ دیموکراتەکانیشــیان بــە حــەرام دەزانــن، تۆمەتــی گەندەڵــی و خراپ بەکارهێنانــی دەســەڵاتیان دابــەش دەکــرد بەســەر دیموکراتەکانــدا، خۆشــیان هەڵگیرســانی جەنگیــان بــۆ بەرژەوەنــدی کۆمپانیاکانــی خۆیــان لــە عێــراق و ئەفگانســتان بــە سیاســەتێکی حەکیمانــە دەزانــی ...

لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا ڕەنگـە باشـترین نمونـەی پۆپۆلیزم بـە جەمـال عەبدولناسـر بهێنینـەوە. ناوبـراو سـەرکردەیەکی کاریزمـای عەرەبـی بـوو کـە تەنهـا بـە دروشـم و خەیاڵپڵاوی خەڵکێکـی یەکجـار زۆری لـە دنیـای عەرەبـدا لـە دەوری خـۆی ئاڵاندبـوو، بەبـێ ئـەوەی بتوانێـت یـەک دروشـم و بەڵێنـی خـۆی بباتەسـەر.

لــە دوای هــەزارەی ســێیەمیش پۆپۆلیــزم لــە زۆر جێــگای دنیــادا بوژانــەوەی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینــی. پەیدابوونــی دۆناڵــد ترەمــپ لــە ئەمەریــکا (٢٠١٦) و ریفراندۆمــی دەرچوونــی بەریتانیــا لــە یەکێتیــی ئەوروپــا (بریکسـت) لەهەمـان سـاڵدا، هەروەهـا سـەرکەوتنی حزبـی ئەڵتەرناتیڤـی ئەڵمانیـا[٢] لـە ٢٠١٧، برەوێکـی یەکجـار زۆری بـە پۆپۆلیزمـدا. ڕۆژنامـەی نیویـۆرک تایمـز لـە سـاڵی ٢٠١٥دا ٦٧١ جـار وشـەی پۆپۆلیزمـی بـەکار هێنـاوە، لـە سـاڵی ٢٠١٦ دا ١٣٩٩ جــار. هەروەهــا لــە ســاڵی ٢٠١٥ دا ١٥٥ وتــاری زانســتی بــە ناونیشــانی پۆپۆلیــزم نوســراوە، لــە ســاڵی ٢٠١٧دا ئــەم ژمارەیــە فڕیــوە بــۆ ٣٣٢ وتــار.

---

٢- حزبـی ئەڵتەرناتیـڤ لـە پێنـاو ئەڵمانیـا AfD (Alternative Für Deutschland) حزبێکـی ڕاسـتڕەوی توندهاژۆیـە. سـاڵی ٢٠١٣ لـە بەرلیـن دروسـت بـووە. دروسـتبوونی ئـەم حزبـە کاردانـەوە بـوو بەرامبـەر بـە سیاسـەتی ڕزگارکردنـی یـورۆ. لـە هەڵبژاردنەکانـی ئـەو سـاڵەدا ئـەو حزبـە نەیتوانـی بەربەسـتی ٥٪ تێپەڕێنێـت بـۆ چوونـە نـاو پەرلەمـان. سـاڵی ٢٠١٧ بـوو بـە حزبـی سـێیەمی وڵات و ٩٤ کورسـی بەدەسـتهێنا. لـە هەڵبژاردنەکانـی ٢٠٢١ پاشەکشـەی کـرد و بـوو بـە حزبـی پێنجـەم و ٨٣ کورسـی بەدەسـتهێنا. ئـەم حزبـە تۆمەتبـارە بـە پەیوەندیـی ژێربەژێـر لەگـەڵ جوڵانەوەکانـی دژ بـە بێگانـە و ڕەگەزپەرسـتی و نازییـە تـازەکان.

## پێناسەیەکی گشتگیر بۆ پۆپۆلیزم چییە؟

زەحمەتــە بتوانیــن پێناســەیەکی تــەواو و گشــتگیر بــۆ پۆپۆلیــزم بکەیــن. پێناســەی بیرمەندانــی سیاســیی کۆمەڵایەتیـش بـۆ ئەمـە جیاوازە، هـەر یەکە لـە (Matthijs, Margaret Ghita Ionescu,Eernest Gelner, Margaret Canovan, Paul Ionescu Taggart, Gerrit Voerman) پێناســەیەکی جیــاوازی داوە بــە بابەتەکــە. ســاڵی ١٩٦٧ کۆلێــژی ئابــوری لەنــدەن، کۆنگرەیەکــی تایبەتــی بــە پۆپۆلیـزم گرێـدا. لـەو کۆنگرەیـەدا بەشداربووان نەیانتوانـی لەسـەر پێناســەیەکی گشــتگیر و رەهــا رێکبکــەون.

پێناسـەیەک کـە زۆرجـار لە ئاسـتی بـاڵا بەکاردەهێنرێت لــە پســپۆڕی سیاســیی هۆڵەنــدی؛ کاس مــودێ (Cas Mudde)[٣] ەوە وەرگیــراوە.

---

٣- کاس مــودێ، لــە دایــک بــووی ١٩٦٧ی خێڵدەرئۆپــە لــە هۆڵەنــدا. لــە ئێســتادا لــە ئەمریــکا دەژی و لــە زانکــۆی ڤێرجینیــا پرۆفیســۆری یاریــدەدەرە لــە زانســتە سیاســییەکان. پســپۆڕە لــە بــواری حزبــە پۆپۆلیســتەکان بــە تایبەتــی راســتی پۆپۆلیســت. خاوەنــی چــوار کتێبــە لــەو بــوارەدا کــە هەموویانــی بــە زمانــی ئینگلیــزی بــڵاو کردۆتــەوە. گرنگتریــن کتێبیــان لــەو بــوارەدا ســاڵی ٢٠٠٧ بەچــاپ گەیانــدووە بــە ناونیشــانی (Populist Radical Right Parties in Europae) پارتــە راســتڕەوە رادیکالــە پۆپۆلیســتەکان لــە ئەوروپــا.

ئـەم پێناسـەیە رەنگـە گونجاوتریـن پێناسـە و شـیکردنەوە بێـت بـۆ دیـاردەی پۆپۆلیـزم، کـە دەکرێـت لـەم خەسـڵەتە هاوبەشـانەدا کورتـی بکەینـەوە:

١- بێـزاری لـە دامـەزراوەی حـزب و دەوڵـەت و رەتکردنـەوەی دەسـەڵات (نوخبـەی حزبـی).

٢- گـەل سـەنتەرە و دەبێـت بـەردەوام بگەڕێینـەوە بـۆ ئیـرادەی گـەل (تاکتیکـی کار).

٣- سەرکردەی کاریزما (وەک فریادڕەسێک).

٤- دروشـمی قەبـە و بەڵێنـی قەبـە (لـە جیاتـی پرۆگـرام و سـتراتیژی سیاسـی)

٥- رەتکردنـەوەی سیاسـەتی نوێنەرایەتـی (تاکـە حـزب و تاکـە سـەرۆک).

٦- رەتکردنـەوەی ئۆپۆزیسـیۆن. (کاتێـک بەدەسـەڵات دەگات).

لەمـەو پـاش و لـە ناواخنـی باسـەکەماندا ئـەو شـەش خاڵـەی سـەرەوە بـە تـەواوی بەرجەسـتە دەبـن و بۆمـان ئاشـکرا دەبێـت کـە لـە هەمـوو دنیـادا بزووتنـەوە پۆپۆلیسـتەکان هەرچەنـدە لەچەنـد سـیفەتێکدا وەک کۆپـی کـراوی یەکتـر وان و لـە چەنـد سـیفەتێکی دیکەشـدا تـەواو دوورن لـە یەکتـری، بـەڵام لـە ئەنجامـدا هەموویـان وەکـو میـوەی (سـێو) ن، هەرچەنـدە رەنگیـان جیـاواز بێـت بـەڵام هەمـان تـام و بۆنیـان هەیـە.

## چۆن پۆپۆلیزم دەناسینەوە:

کاتێـک باسـی پۆپۆلیـزم دەکەیـن، دەبێـت بزانیـن بـاس لـە بابەتێکـی ئاڵـۆز و بگـۆڕ دەکەیـن. لـە هـەر جوگرافیایەکـدا و لـە نـاو هـەر کۆمەڵگایەکـدا بـە گوێـرەی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان و سیسـتەمی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئاسـتی پێگەیشـتوویی و پێشـکەوتوویی سـەرخانەکەی، دەرکەوتنـی پۆپۆلیـزم جیـاواز دەبێـت. لـە راسـتیدا پۆپۆلیـزم ماسـکی زۆرە، بـەڵام هەڵدانـەوە و لابردنـی ئـەو ماسـکانە زۆر لـەوە ئاسـانترن کـە پێشـبینی دەکەیـن، چونکـە ناسـینەوەی کەسـی پۆپۆلیسـت و رێکخـراوی پۆپۆلیسـت و گوتـاری سیاسـی پۆپۆلیسـتانە کارێکـی هێنـدە ئاسـتەم نییـە. لێـرەدا بـە کـورت و پوختـی ناسـنامەی تـەواوی پۆپۆلیـزم دەخەینـە بەرچـاو:

#### یەکەم- دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر دوو بلۆکدا:

کۆمەڵـگا دابـەش دەکات بەسـەر دوو بلۆکـی یەکسـان و دژ بەیـەک ئەوانیـش (گەلێکـی پـاک و بێگـەرد) و (نوخبەیەکـی گەنـدەڵ). سیاسـەت لـە ناوەڕاسـتی ئـەم دوانـەدا نییـە بەڵکـو دەبێـت تەعبیـر بێـت لـە ئیـرادەی گـەل. دەبێـت خەڵکـی بـاش لـە دژی نوخبـەی شـەڕانگێز بێـت.

ئەمەش کرۆکی (پارادۆکسی بنەڕەتی ئەخلاقییە) لە پۆپۆلیزمدا. پۆپۆلیستەکان تەماشای کۆمەڵگە دەکەن و دەڵێن: خەڵکێکی زۆر باش، زۆر ئیشکەر، خاوەنی نەریت و بەهای زۆر بەرزن لە بەرامبەریشدا نوخبەیەکت هەیە (جا ئەو نوخبەیە رەنگە سیاسی یان ئابوری یان روناکبیر بن) کە شەڕانگێز و گەندەڵە و باکی بەوە نییە کە چی دەگوزەرێت تەنها چاوی لە بەرژەوەندی خۆیەتی.

پۆپۆلیستەکان نکوڵی لە بوونی ناکۆکی دەکەن لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ نمونە لەسەر بنەمای تەمەن، رەچەڵەک، رەگەز، دین و دەڵێن (زۆر بەسادەیی تۆ خەڵکت هەیە و دواجار هەموو ئەو خەڵکە هەمان بەرژەوەندی و هەمان تێڕوانین و هەمان بۆچوون و بیرکردنەوەیان هەیە) سیاسەتێک هەیە دەبێت پەیڕەو بکرێت ئەوسا هەمووان ئاسودە دەبن.

ئەو پۆلێن کردنەی کۆمەڵگە بە دوو بەرەی دژ بەیەک و ئەو رەنگکردنەی کۆمەڵگە بە رەش و سپی گەمەیەکی مەترسیدارە، کە پۆپۆلیستەکان بە هۆشیارییەوە ئەنجامی دەدەن ئەویش دروستکردنی نوخبەیەکی سیاسی ئەڵتەرناتیڤە لە ناو جەماوەر و عەوامەکەی خۆیان. ئەو نوخبەیەی کە ئەوان دروستی

دەکەن و دەیخەنە ناو حکومەتەکانەوە (بە تایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە)، جا ئایا لە ناو حکومەتدا بەشدار بن یاخود ئۆپۆزیسیۆن بن، نوخبەیەکی عەوامن و وەک سەرتوێژی پۆپۆلیست وان و لە نزمترین ئاستەکاندا ململانێی سیاسی دەکەن و بەهەمان شێوە و بە مەبەست ململانێی سیاسی شۆڕ دەکەنەوە بۆ سەر شەقام. ئەم نوخبە عەوامە کە خۆی لە بنەڕەتا لە شەقامەوە لە دایک دەبێت و هەر لە شەقامیشەوە خۆی دەناسێنێت و بە زەبری شەقام دەچێتە نێو پەرلەمان و حکومەتەوە، دەبێت بەردەوام هەر لەسەر شەقامەوە مومارەسەی سیاسی بکات، ئەمەش وادەکات هەموو پرسە هەستیارەکان تێکەڵ بکرێن و کۆمەڵگە لە نێو گێژاوی تەنگەژە سیاسییەکاندا ئەوەندەی تر نوقم بکرێت. لە راستیدا ئەو نوخبە سیاسییەی پۆپۆلیزم دروستی دەکات، نوخبەیەکی یەکجار مەترسیداری نێو کۆمەڵگە دەردەچن و هەموو پرسەکانی نێو کۆمەڵگە زۆر بە ئاسانی دەخەنە بەردەم مامەڵەی سیاسی و کڕین و فرۆشتنی هەرزانەوە[٤].

---

٤- رەنگە ڤۆلۆدۆمیر زیلینسکی (Volodymyr Zelensky) سەرۆکی ئۆکراین باشترین نمونەی ئەمڕۆ بێت کە پۆپۆلیستەکان کەسێکی ئەکتەرێکی گاڵتەجاریان هێنا و کردیانە سەرۆکی وڵات و ئۆکرانیای بەو دەردە برد کە ئەمڕۆ هەمووان دەیبینن... ئەگەر لە جیاتی ئەو کەسێکی سیاسەتمەداری ژیر لە دەسەڵاتدا بوایە هەرگیز وڵاتی بەو جۆرە نە دەفرۆشت بە پەیمانی ناتۆ و جەنگێکی لەو جۆرەی دووچاری وڵاتەکە نەدەکردەوە..

مەترسییەکی دیکەی ئەم نوخبە سیاسییەی پۆپۆلیزم دروستی دەکات، برەوپێدانی بێ سەوادیی سیاسی کۆمەڵگەیە. پۆپۆلیستەکان هەرگیز خۆیان لە رەگوڕیشەی کێشەکان نادەن و ناتوانن لە بێخەوە هەڵسەنگاندن بۆ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەن، بەڵکو تەنها توێکڵ و رواڵەتی کێشەکان باس دەکەن و چارەسەرەکانیشیان هەر توێکڵ و رواڵەتە ئەمەش لە راستیدا زۆر خراپ و مەترسیدارە چونکە خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک و رێگای راستەقینەی دۆزینەوەی کێشەکانی پیشان نادەن بەڵکو بە لاڕێیدا دەبەن، ئەمەش وادەکات بێ سەوادی سیاسی و هۆشیاری سیاسی و ئەقڵمەندیی سیاسیی لەناو بەرێت و زۆرینەی خەڵک تەنها بە هاش و هوش و هات و هاوار لەناو توێژاڵە تەنکەکەی سیاسەتدا بهێڵێتەوەو هەرگیز بواریان نەدات راستینەی کێشە و ململانێکان بە چاوی ئەقڵ تەماشا بکەن. ئەگەر پۆپۆلیستەکان و دژبەرەکانیان لە دەسەڵات بە دوو دکتۆر بچوێنین: دکتۆری دووەمیان (دەسەڵات و نوخبەکەی) نەخۆشییەکە لە کەسی نەخۆش بشارێتەوە و رێگای نەدات کە بزانێت دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووە، ئەوە دکتۆری دووەم (پۆپۆلیست و سەرکردەی

پۆپۆلیست) بە نەخۆشەکە دەڵێت کە نەخۆشە بەڵام جۆری نەخۆشییەکە بە هەڵە دەستنیشان دەکات، بەو جۆرە دەرمانی هەڵەشی دەداتێ کە رەنگە سەرەنجام نەخۆشەکە بکوژێت!

**دووەم- مێگەل گەرایی:**

ئایا پۆپۆلیزم خەڵکگەرایی یاخود جەماوەرگەراییە؟ وەک لە پێناسەکەی پێشەوەدا باسمان کرد، گەل یاخود جەماوەر کۆڵەکەی هەرە سەرەکین بۆ پۆپۆلیستەکان یاخود بۆ خەڵکگەراکان. بەڵام لێرەدا دەبێت وردتر سەیری ئەم بابەتە بکەین و دەبێت بزانین مەبەست لە گەل یاخود خەڵک چییە؟ پۆپۆلیستەکان چ جۆرە خەڵکێک بەرهەم دێنن؟

خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە خودی پۆپۆلیستەکان لەسەر پێناسەی گەل ناکۆکن و هەرگیز یەک پێناسەیان بۆ گەل نەبووە. چەمکی گەل بە گوێرەی ئەو گرایشە یاخود ئەو شەبەنگەی پۆپۆلیزم نوێنەرایەتی دەکات دەگۆڕێت. بۆ نمونە پۆپۆلیستە راستڕەوەکان جۆرە خەڵکێک پەسەند دەکەن و چەپەکانیش جۆرێکی تر، هەروەها حزبە ئایینیەکان و فاشیست و رەگەزپەرستەکانیش جۆرێکی تر.

پۆپۆلیستەکان کاتێک گەل دەکەنە سەنتەری هەموو جووڵە و دروشمەکانی خۆیان، هەنگاوێکی مەترسیدار دەنێن بەرەو نزمکردنەوەی ئاستی ململانێ سیاسییەکان و پەلکێشکردنی بۆ سەرجادە و بۆ لای هاوڵاتییەکی ئاسایی، وەک پێشتر باسمان کرد، ئەمەش لە راستیدا تەنها خۆڵکردنە چاوی خەڵک نییە بەڵکو جۆرێکە لە خۆدزینەوە و بەلارێدابردنی پرسەکان لە قازانجی تەسکی حزبیی خۆیاندا، چونکە لە راستیدا ئەوان هەموو گوتارەکانیان ئاراستەی خەڵکی عەوام و سادە دەکەن، هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار دەتوانن ئەو خەڵکە فریو بدەن و دەنگێکی زۆر کۆبکەنەوە. لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە پێشەوە داخۆ هەر وا بە ئاسانی چۆن دەتوانن ئەو هەموو دەنگە کۆبکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر زەحمەت نییە، چونکە حزب و کەسانی پۆپۆلیست هەرگیز لەبەردەم مێژوودا خۆیان بە بەرپرسیار نەزانیوە، ئەمەش وایکردووە بێ گوێدانە هیچ پێودانگێکی ئەخلاقی، یاسا بەناوبانگەکەی مەکیاڤیللی بەکار بێنن (ئامانج پاساوە بۆ ئامراز) و لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان رەوایەتی بەکارهێنانی هەموو ئامرازێک بە خۆیان بدەن. بەشێکی زۆری پسپۆڕانی بواری پۆپۆلیزم

کۆکـن لەسـەر ئـەوەی کـە دیماگۆگـی یەکێکـە لـە ئامـرازە گرنگەکانــی پۆپۆلیــزم..

**دیماگۆگی:**
**دیماگۆگیـا سـتراتیژێکە بـۆ باوەڕپێهێنانـی خەڵــك بــە سیاســەتێکی دیاریکــراو، کــە لەســەر بنەمــای تــرس و دڵەڕاوکــەی خەڵــك داڕێــژراوە. گەورەکـردن و قەبەکردنـی سـنور و چێـوەی تـرس و دڵەڕاوکەکــە لــە ڕێــگای پرۆپاگەنــدە و وتــاری حەماســەت ئامێــزەوە دەبێــت. هەڵخەڵەتانــدن، لــە خشــتەبردن، بەهەڵــەدا بــردن، ئاوەژوکردنــەوەی راســتیەکان بەشــێکن لــە ئامرازەکانــی دیماگۆگــی. ڕەنگـە دیماگۆگـی یەکێـك بێـت لـە ئامـرازە هـەرە گرنگەکانــی پۆپۆلیــزم. هەرچەنــدە دیماگۆگیــەت خــودی پۆپۆلیــزم نییــە و دەکرێــت بەشــی هــەرە زۆری سیاســەتمەدار و حزبــەکان جارێــك لــە جــاران دیماگۆگیەتیــان کردبێــت بــە ئامــراز بــۆ کردەوەکانیــان، بــەڵام پۆپۆلیســتەکان لــە هەمــوو کــەس زیاتــر بەهاراتــی دیماگۆگــی ســەرف ئەکــەن.**

زۆرجـار پۆپۆلیسـتەکان زمانـی سـادەی خەڵکـە عەوامەکـە بـەکار دێنـن، زمانێـک کـە تێگەیشـتنی زۆر ئاسـان بێـت و وەڵامـدەرەوە بێـت بـۆ ئـەو نائومێدییـەی کـە دووچـاری خەڵـک بـووە. وشـەکانیان چەنـدە قەبەیـە بەڵێنەکانیشـیان

ئەوەنـدە قەبـە (بـۆ نمونـە دۆناڵـد ترەمـپ زمانـی زۆر زبـری بەرامبــەر پەنابــەرە مەکســیکییەکان بــەکار دەهێنــا کــە گوایـا سـەرچاوەی هەمـوو نەهامەتییەکانـی ئەمەریـکان، بەڵێنــی دەدا کــە دیوارێکــی بــەرز و ئەســتور بــە درێژایــی ســنوری مەکســیک - ئەمەریــکا دروســت بــکات بــۆ ئــەوەی وەکــو شــورەیەک بێــت بــۆ پاراســتنی ئەمەریــکا و پارەکەشــی لــە مەکســیک بســەنێتەوە. کــە بــوو بــە ســەرۆک تاقــە یــەک مەتــری ئــەو دیوارەشــی بــۆ نەکــرا، هەروەهــا بەڵێنــی دەرکردنــی ملیۆنــان پەنابــەری دەدا).

پیرۆزکردنـی حەزەکانـی خەڵـک و داواکانیـان جۆرێکـی دیکەیــە لــە یاریکــردن بــە هەســت و نەســتی خەڵکــە عەوامەکــە. کاتێــک بزووتنەوەیەکــی پۆپۆلیســت یاخــود ســەرکردەیەکی پۆپۆلیســت بانگەشــەی ئــەوە دەکات کــە ئامانجــە سیاســییەکان دەبێــت بــە ویســت و خواســتی گــەل بــەدی بێــن و بــەدوور بگیرێــن لــە دەســتی حــزب و رێکخــراوەکان، ئــەوە مەبەســتی ئاشــکرای ئــەو کەســە یاخـود ئـەو حزبـە بەدیهێنانـی داخوازییەکانـی گـەل نییـە، بەڵکـو مەبەسـتێکی شـاراوە لـە پشـتی ئـەو کـەف و کوڵـە سیاســییەوە خــۆی مــەڵاس داوە کــە ئەویــش کۆتایــی هێنانــە بــە رۆڵــی حــزب و رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنـی و رێکخـراوە پیشـەییەکان، کـە هەمـوو ئەمانـە

تەعبیر لە خواست و بەرژەوەندی چینە جیاوازەکانی گەل دەکەن (نەک هەموو گەل) و پێکەوە وێنەی تابلۆکە تەواو دەکەن. لە راستیدا ئەگەر مرۆڤی تەڵەکەبازی سیاسی لێهاتوو هەبێت ئەوە سەرکردە پۆپۆلیستەکانن.

پۆپۆلیستەکان لە دوای ئەوەی گەل بە ئارەزووی خۆیان پێناسە دەکەن و خۆیان دەکەنە دەم راست و سەرکردەی، ئینجا سەنگەر بەرامبەر بە نەیارەکانی خۆیان لێدەدەن و تەخوینیان دەکەن. لە نێو گوتار و دروشمەکانی ئەمانەدا تەنها ئەوان لە بەرەی گەلدان و نوێنەرایەتی گەل دەکەن، ئەوەی لە دەرەوەی ئەمانە و لە گەڵیاندا نیە دژ بە گەلە. لە کۆتا قۆناغی پۆپۆلیزمدا، پرۆسەی بەرهەمهێنانی مێگەل بە ئامانج دەگات و سەرکردە یاخود حزبی پۆپۆلیست بە گوێرەی دیزانی خۆیان کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبەن کە خۆیان دەخوازن. رەنگە مۆسۆلینی و هتلەر باشترین نمونەی ئەوە بن(٥) .

---

٥- هەندێ جار دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێین هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی فاشیست و نازی پۆپۆلیستن، بەڵام هەموو پۆپۆلیستەکان فاشیست و نازی نین!

**سێیەم - پۆپۆلیزم و دیموکراسی:**

لـە سیسـتەمی دیموکراسـیدا کاتێک بەپێـی میکانیزمە دیموکراسـییەکان بڕیارێـک دەدرێـت، بڕیارێکـە ئەوەنـدە ئەخلاقـی و پیـرۆز نییـە کـە نەکرێـت رەخنـەی لـێ بگیرێـت، بـە پاسـاوی ئـەوەی کـە بڕیارەکـە ڕەنگدانـەوەی خواسـتی زۆرینـەی خەڵکـە. ئـەو بڕیـارەی کـە بـۆ ئەمڕۆ پەیـڕەو دەکرێـت، رەنگـە بـۆ قۆناغـی داهاتـوو گونجـاو نەبێـت. بـەڵام لای پۆپۆلیسـتەکان تەنیـا یـەک بڕیـار هەیـە ئەویـش بڕیـاری گەلـە و پیـرۆزە و نابێـت دژایەتـی بڕیـاری گـەل بکرێـت.

لـە دیموکراسـیدا ناکرێت تەنانەت زۆرینـە وەک هەموو گـەل لێکبدرێتـەوە، زۆرینـەی پەرلەمـان ناتوانێـت بە ناوی هەمـوو گەلـەوە قسـە بـکات، بـەڵام حزبـی پۆپۆلیسـت رێـک بـە پێچەوانەوەیـە، هەمیشـە بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە نوێنەرایەتـی زۆرینـەی خەڵـک و گـەل دەکات. ئـەو زۆرینەیـەی کـە ئـەوان نوێنەرایەتـی دەکـەن لـە راسـتیدا بەشـێکە لـە گـەل، بـەڵام لـە گوتـار و دیسکۆرسـی سیاسـی و پروپاگەندەیـی و ئیعلامـی پۆپۆلیسـتەکاندا ئـەو بەشـە (هەمـوو) گەلـە. لێرەدا دوو بنەمـای سـەرەکی دیموکراسـییەت پێشـێل دەکرێـت:

**١- چەمکی کەمینە و زۆرینە:**

یەکێک لە بنەما هەرە گرنگ و بەهێزەکانی دیموکراتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی چەمکی کەمینە و زۆرینەیە. زۆرینە لە سیستەمی دیموکراسیدا لوشدان و نەخوێندنەوەی کەمینە ناگەیەنێت، بەڵکو رێک پاراستن و سەلماندنی مافی کەمینەیە بەرامبەر بە زۆرینە. رەنگە لە سیستەمە دیموکراسە کۆن و پتەوەکاندا، پۆپۆلیزم نەتوانێ ئەو زەبرە بوەشێنێت، بەلاّم لە رژێمە تازە دیموکرات و گەشەسەندووەکاندا، بە تایبەت لە جیهانی سێیەم پۆپۆلیزم زەبری توند لە جەستەی دیموکراسییەت دەوەشێنێت و بەبێ هیچ یەک و دوویەک کەمینەکان لەبەردەم خۆیدا کە زۆرینەیە نادیدە دەگرێت.

**٢- پلورالیزم:**

دیموکراسی سیستمێکە کە تێیدا هەر دوو ئەگەری بردنەوە و دۆڕاندن لە گۆڕێدایە، حیزبەکان یان دەچنە دەسەلاّتەوە یان دەبنە ئۆپۆزسیۆنی یاسایی، حیزبێک کە دەبێتە ئۆپۆزسیۆن دەزانێت نوێنەرایەتی کەمینە دەکات و حیزبێکیش کە حکومەت پێکدەهێنێت دەزانێت نوێنەرایەتی زۆرینەیەک دەکات، نەک نوێنەرایەتی هەموو

خەڵک. لێرەدا پلۆرالیزم رۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە رژێمە دیموکراتەکاندا، چونکە هەموو گەلان و ولاّتانی دنیا دابەش دەبن بەسەر حزب و ئاین و نەتەوەی جیاوازدا و ناکرێت تەنها حزبێک خۆی بە نوێنەری هەموو گەل بزانێت.

**فرەیی یاخود پلورالیزم (Pluralism) بریتییە لە پەسەندکردن و بەهەند وەرگرتنی جیاوازی و هەمەجۆری لە ناو کۆمەڵگە. بۆ نمونە هەمەجۆری ئایینی، نەتەوەیی، رەگەز، ئایدیۆلۆژی ... تاد. بەو جۆرە کۆمەڵگایەک کە خاوەنی چەند بەهاو نەریتێکی دژ بە یەکە (بۆ نمونە کۆمەڵگەی کوردستان کە چەندین نەتەوە و ئاین و ئاینزا و کەلتوری جیاوازی هەیە) پلورالیزم بناغەیەکی پتەوی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردنی تێدا دەچەسپێنێت کە مافەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای کەمینە و زۆرینە پێوانە ناکرێت. لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان پێکەوە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا هاوبەش و هاوکار دەبن.**

دیموکراسی واتایەکی دژە پۆپۆلیزمی هەیە، بەو واتایەی کە چ دەسەلاّت بیت و چ ئۆپۆزسیۆن ناتوانیت خۆت بە نوێنەری هەموو خەڵک دابنێیت و خۆت بە نوێنەری گەل بزانیت و رکەبەرەکانت

بخەیتــە بــەرەی دژە گەلــەوە، لــە رابــردوودا لەنــاو سیســتمە دیموکراســییەکاندا هەندێــک حیزبــی تۆتالیتــار هەبــوون کــە پاشــگری گــەل و خەڵکیــان پێوەبــوو بــەڵام تەنانــەت ئــەو حیزبانــەش کــە ناوەکەیــان تــا رادەیــەک پۆپۆلیســتی بــوو (بــۆ نمونــە پاشــناوی پارتــی گــەل لــە زۆرێــک لەوڵاتانــی جیهانــی ســێیەم بوونــی هەبــووە و هەیــە) هەرگیــز خۆیــان بــە نوێنــەری هەمــوو گــەل دانەدەنــا و رکەبەرەکانیشــیان نەدەخســتە بــەرەی دژە گەلــەوە، چونکــە لــەوە تێگەیشــتبوون کــە دەبێــت هەموویــان لــە کابینــەی حکومەتــدا پێکــەوە بــن و لــە چوارچێــوەی سیســتمی سیاســیی دیموکراســیدا پێکــەوە هەڵبکــەن. کەواتــە ئەگــەر حزبــەکان نوێنــەری کۆمەڵگایەکــی پلــوراڵ بــوون، ئەوســا سیســتەمی سیاســی دەبێتــە ســیمبۆلی یەکێتــی وڵات، نــەک پەرتەوازەکــردن و لەتوپەتکردنــی وڵات. ئەگــەر هەڵەمــان نەکردبێــت دەتوانیــن بەشــێک لــە هۆکارەکانــی هەڵوەشــاندنەوەی چیکوســلۆڤاکیا و شــەڕی خوێنــاوی ناوچــەی بەلقــان بخەینــە ئەســتۆی ســەرکردە و حزبــە پۆپۆلیســتەکان.

**چوارەم- پۆپۆلیزم و راژیۆنالیزم (ئەقلانییەت):**

پێناســەی هــەرە ســادە بــۆ راژیۆنالیــزم ئەوەیــە کــە ئەقــڵ ســەرچاوەی ســەرەکی مەعریفــە بێــت. بــەڵام داخــۆ دەتوانیــن

پۆپۆلیـزم لـە خانـەی ئەقڵانییەتـدا ناودێـر بکەیـن؟ بـە دڵنیاییـەوە نەخێـر چونکـە پۆپۆلیـزم دژی ئەقڵانییەتـە، لـە زۆرتریـن حاڵەتەکانـی خۆیـدا پشـت بـە خرۆشـانی سـۆز و عاتیفـەی خەڵـک و وروژاندنێکـی ئامانجـدار دەبەسـتێت. ئەمـەش وادەکات لـە ژێـر دەرەنجامەکانـی بارێکـی دەرونیـی کورتخایەنـدا بڕیـارو کاردانـەوەی خـراپ بەرهـەم بێنێـت. لێـرەدا بـۆ شـیکردنەوەی پۆپۆلیـزم پرسـیارێکی گرنـگ دەکەیـن: ئایـا پۆپۆلیـزم لەسـەر بنەمـای داخوازییەکانـی گـەل بنیـات دەنرێـت یاخـود لەسـەر بنەمـای شکسـتی حکومەتـەکان؟ لێـرەدا ئەقڵانـی بـوون و نەبوونـی پۆپۆلیسـتەکان بەدیـار دەکەوێـت، چونکـە لەبنەڕەتـا پۆپۆلیسـتەکان وەک و دۆ و دۆشـاو ئـەو دوو پرسـە تێکـەڵ دەکـەن و ژاوەژاوێکـی لێدروسـت دەکـەن مەگـەر هـەر خۆیـان سـەری لێدەربکـەن.

پۆپۆلیسـتەکان هەمیشـە لـە وەهمـی ئـەوەدان کـە نوێنەرایەتـی هەمـوو خەڵـک دەکـەن ئەمـەش بـە تـەواوی پێچەوانـەی لۆژیکـە. بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە ئیرادەی گـەل دەبێـت خاڵـی سـەرەتای هەمـوو بڕیارێکـی سیاسـی بێـت ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا گوتارێکـی نائەقڵانییـە، چونکـە هەرگیـز ناتوانرێـت و مـەرج نییـە لـە هەمـوو کات و سـەردەمێکدا ئـەوەی خواسـتی گـەل بێـت و خواسـتی

زۆرینە بێت واتای ئەوە ببەخشێت کە کارێکی ئەقلانی و گونجاوە و ڕەوایەتی هەیە. هەروەک چۆن شکستی حکومەتێکیش نابێتە شەهادەی سەرکەوتن و ڕەوایەتی بەرامبەرەکەی. هەندێک لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کە پۆپۆلیزمی ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی و دەرەنجامی دوای شۆڕشەکان نمونەی گونجاوی ئەو حاڵەتانەن.

خاڵێکی دیکەی نائەقلانی بوونی پۆپۆلیستەکان ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری بزووتنەوە پۆپۆلیست و سەرکردە پۆپۆلیستەکان لە کاتی بوونی قەیراندا پەیدا دەبن و هەڵدەتۆقن. قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ و پەتای کرۆنا دوو نمونەی زۆر نزیک و گونجاوی ئەوەن. بەهۆی ئەو دوو قەیرانەوە پۆپۆلیزم و سەرکردەی پۆپۆلیست لە بەشێکی زۆری ئەمەریکا و ئەوروپا بڵاو بوونەوە. بە گوێرەی قووڵی قەیرانەکان بەڵێن و دروشمەکانیش ناواقعی و نا لۆژیکی دەبن.

**لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی پەتـای کرۆنـا، ترامپ نکوڵـی لێدەکـرد و دەیگـوت ئـەو پەتایـە بوونـی نییـە و وەک هەڵامەتـە، هەنـدێ جـار ئامـۆژگاری پزیشـکەکانی دەکـرد کـە چـی بکـەن باشـە. کاتێـک تەشـەنەی سـەند و بـوو بـە مەترسـی گوتـی بـە زووتریـن کات لەنـاوی دەبەیـن. کـە دەیـان هـەزار کەسـی کوشـت و بـە خراپـی تەشـەنەی سـەند گوتـی خەتـای (چیـن) و ئەمـە پیلانە لـە دژی ئەمەریـکا...**

**سـەرنج: لـە کوردسـتانیش پۆپۆلیسـتێک سـەرەتا دەیگـوت کرۆنـا بوونـی نییـە و پیلانـی دەسـەڵاتە، دواتـر کـە کرۆنـا تەشـەنەی سـەند بەڵێنیـدا خەسـتەخانەی تایبـەت تەرخـان بـکات بـۆ ئەوپەتایـە!**

بزووتنـەوە پۆپۆلیسـتییەکان دەتوانـن جیاوازییەکـی زۆریـان لەگـەڵ یەکتـردا هەبێت. بـەڵام هەموویـان بەوە دەناسـرێنەوە کـە سـتراتیژێکی رون و ئاشـکرایان نییە لە کاری سیاسـیدا، تەنهـا هاندانـی دیماگۆگیانـەی خەڵکی نـاڕازی و عـەوام نەبێـت لـە پێنـاوی قووڵکردنـەوەی رق و کینـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و لـەو ڕێگایەشـەوە فریودانـی عـەوام و گەیشـتن بـە دەسـەڵات. هەروەهـا

ئەڵتەرناتیڤیشیان بۆ دژبەرەکانی خۆیان نییە تەنها بەڵێن نەبێت. بەڵێنی زۆر دەدەن بەڵام ناتوانن جێبەجێی بکەن چونکە بەڵێنەکانیان بێ بنەمان و لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکاری دێنن. لێرەدا نموونەیەکی زیندووی دوو سەرۆکی ئەمەریکا دەهێنینەوە لە کاتی بانگەشەدا، کە هەردووکیان هەمان پرسیاریان لێدەکرێت (ئایا ئامادەیت بۆ بەرگریکردن لە ئەمەریکا چەکی ئەتۆم بەکار بێنیت؟) پۆپۆلیستەکە هاوار دەکات و دەڵێ لە پێناوی گەلی ئەمەریکا هەموو شتێک دەکەم و هەموو کەسێک بە هەموو چەکێک لە ناو دەبەم، ئەوی کەشیان دەڵێت رێگا و شێواز و ئامرازی زۆرمان هەیە بۆ بەرگریکردن لە ئەمەریکا، چەکی ئەتۆم زیاتر بۆ بەرگریکردن و ترساندنی دوژمنە نەک بەکارهینان، ئەگەر ئێمە بەکاری بێنین نەیارەکانیشمان هەمان چەکیان هەیە و بەکاری دەهێنن لە دژمان. لە راستیدا وەڵامی یەکەم بۆ چەواشەکردنی خەڵکە و دووره لەراستییەوە و وەڵامی دووەم نزیکە لە راستی و وەڵامێکی لۆژیکانەی سیاسییە.

**پێنجەم- پۆپۆلیزم و ئایدیۆلۆژیا و سەرکردەی کاریزما** :

پۆپۆلیـزم بەسـەر زۆرێـک لـە شـەبەنگە سیاسـییەکاندا دابـەش دەبێـت لـە چەپـەوە هەتـا راسـت و ناوەڕاسـتیش دەگرێتـەوە. لـە راسـتیدا بـە گوێـرەی هـەر جوگرافیایـەک پۆپۆلیـزم نمایشـی جیـاواز دەکات، دەکرێـت لـە کۆمەڵگـەی هـەرە دواکەوتـوو یاخـود بـە پێچەوانـەوە هـەرە پێشـکەوتوودا دەرکەوێـت. دەکرێـت پۆپۆلیزمێکیـش هەبێـت هیـچ ئایدیۆلۆژیایەکـی نەبێـت، بەڵکـو تـەواو عەدەمـی بێـت، نمونـەی ئـەوەش زۆرن وەکـو بزووتنەوەی پێنـج ئەسـتێرەکە لـە ئیتالیـا، هیـچ ئایدیۆلۆژیایەکـی ئەتـۆی نییـە پەیـڕەوی بـکات.

هەنـدێ لـە بیرمەندانـی سیاسـی لـەو بـاوەڕەدان کـە پۆپۆلیـزم بزووتنـەوە یاخـود ڕێبازێکـی سیاسـی نییـە، بەڵکـو شـێواز و ڕەفتـاری سیاسـییە لەبـەر ئـەوە زۆربـەی جـارەکان ئایدیۆلۆژیایەکـی سـەرەکی دەبێتـە هاوبەشـی پۆپۆلیـزم، بـۆ نمونـە ناسـیۆنالیزم، سۆشـیالیزم، فاشـیزم. پۆپۆلیسـتە راسـتڕەوەکان ڕەگـەز پەرسـتی و دژایەتـی کۆچبـەران و بێگانـە دەکەنـە باشـترین کەرەسـتە بـۆ پروپاگەنـدەی خۆیـان، لـە کاتێکـدا پۆپۆلیسـتە چەپـەکان پرسـی چینایەتـی و دۆخـی ئابـوری دەکەنـە کەرەسـتەی خۆیـان.

سەبارەت بە کۆچبەر و بێگانە لە ئەوروپا باشترین بابەتە بۆ پۆپۆلیستەکان. مەرج نییە هەموو حزبە راستڕەوە توندڕەوەکان پۆپۆلیست بن، مەرجیش نییە هەموو حزبە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان دژ بە کۆچبەران بن. بەڵام تێکەڵکردنی پۆپۆلیزم لەگەڵ دژایەتی بێگانە تێکەڵەیەکی ئاڵتونییە. لێرە ئەو نوخبەیە دەکرێنە تاوانبار کە دەرگایان خستۆتە سەر پشت بۆ بێگانە تا ئەو ڕادەیەی کە کەلتوری رەسەنی ولات بکەوێتە بەر هەڕەشە. تا رادەیەکی زۆر هەموو راستڕەوەکان پرسی رەگەز پەرستی پەنابەران دەکەنە ئامرازی بانگەشەکانی خۆیان.

سەبارەت بە چەپەکان چیرۆکەکە پێچەوانەیە، ئەوان پرسی چینایەتی و بازاڕ و دۆخە ئابورییەکە دەکەنە پاساو بۆ گوتارەکانی خۆیان. بۆ نمونە حزبی سیریزای چەپ لە یونان سیاسەتی سک هەڵگوشینی یەکێتیی ئەوروپای دەکردە دروشمی خۆی[٦] و دژایەتیکردنی یەکێتیی ئەوروپای کردبووە بنێشتەخۆشەی ژێردانی خۆی، لەکاتێکدا هەموو کەسێکی هۆشمەند دەیزانی کە دژایەتیکردنی یەکێتیی ئەوروپا بۆ یۆنان زۆر کارەساتبار دەبێت.

---

٦- لە یونان تەنها لە نێوان سالانی ٢٠٠٨-٢٠١١ بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە ٩٠ هەزار کۆمپانیای بچوک مایەپوچ بوون، بەهۆی سیاسەتەکانی سکهەڵگوشینەوە ئاستی بێکاری بەشێوەیەکی ترسناک بەرز بۆوە.

چەپەکانی ئیسپانیاش (پۆدیمۆس) تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی سیریزا بوون.

قەیرانی پەنابەران لە ئەوروپا بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی سۆزی جەماوەری بزووتنەوە پۆپۆلیستەکان لە ئەوروپا، هەروەها لە ٢٠٠٨ قەیرانی ئابووری بووە هۆی بەرزبوونەوەی سۆزی جەماوەری بۆ بزووتنەوە چەپەکان.

هەر دوو بەرەکەی پۆپۆلیزم چ ڕاستڕەوەکان یاخود چەپڕەوەکان، پێویستیان بە سەرکردەیەک هەیە کە بتوانێت ئەو دروشم و هاشوهوشانە بە زمانێکی ئاسان و پاراو تەرجەمە بکات و بیگەیەنێت بە عەوامەکە. تەماشا کەن، لە هەموو جیهاندا بزووتنەوە پۆپۆلیستەکان هەمیشە سەرکردەیەکی کاریزما دروست دەکەن، زۆرێک لە بیرمەندانی سیاسی لەو باوەڕەدان دروستکردنی سەرکردەی پۆپۆلیست کارێکی حەتمیە بۆ ئەو جۆرە بزوتنەوانە. بەڵام لێرەدا پرسیارێک لە شێوەی گوماندا دێتە نێو زەینی خوێنەر و لە چۆنییەتی و هەڵکەوتەی کەسایەتی ئەو سەرکردە کاریزمایانە دەپرسێت: داخۆ دەبێت چۆن سەرکردەیەک بن؟

لە ڕاستیدا سەرکردە پۆپۆلیستەکان کەسانی زۆر

ناجێگیـر و نابەرپرسـن. زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە رەوشـت و رەفتارەکانیانـدا هاوشـێوەن. حەزیـان لـە خـۆ دەرخسـتن و وتـار دانـە، بەزمانـی جـادە و خەڵکـی عـەوام قسـە دەکـەن. کاتێـک قسـە دەکات خـۆی بـە کەسـێکی خـاوەن هـەق و راسـتگۆ و ژیربێـژ دەزانـێ و ئەوانـی تـر هەمـوو بـە درۆزن و نالەبـار لەقەڵـەم دەدات. قسـەی سـارد و سـوک بـە حزبەکانی دیکـە دەڵێـت و خـۆی وەک فریادڕەسـێک پیشـان دەدات کـە نیعمەتێکـی خودایـی بێـت بـۆ خەڵکـی سـتەمدیدە و بـەش مەینـەت. ئەگـەر هەڵبـژاردن بباتـەوە ئـەوە ئیـرادەی خەڵـک و هێـزی جەمـاوەری لـە پشـت بـووە و ئەگـەر دەنگیـش نەهێنێـت ئـەوە فێـڵ و سـاختەکاری لێکـراوە. لـە نێـو فەرهەنگـی وشـەکانیدا چەندیـن دەسـتەواژەی مەزهەبـی و هانـدەر و قسـەی دوور لـە هـزر و ئـاوەز دەکات وخـۆی بـە مەزلـوم و خـاوەن هـەق دەزانێـت. لەگـەڵ پرسـە تایبەتـەکان بـە مافـی مـرۆڤ و ئـەو تاوانانـەی کـە رەهەندێکـی مرۆییـان هەیـە، خـۆی بـە خـاوەن مـاڵ و هـاو سـۆز دەزانـێ، بـەڵام لـە هەمـان ئـەو پرسـانەدا ئەگـەر تایبـەت بـن بـە خـۆی ئـەوا پاسـاوی هەیـە و بەرگرییـان لێـدەکات (نمونـەی ئەمـەش ئەردۆغانـە لـە کاتێکـدا ئیدانـەی ئیسـرائیل دەکات لـە جەنگـی غـەزەدا، کەچـی خـۆی لـە سـوریا و شـوێنانی دیکـەدا لـەو خراپتـر دەکات و پاساویشـی بـۆ دەهێنێتـەوە).

کاریزماکانــی بزووتنــەوە پۆپۆلیســتییەکان زۆر جــار لــە دوای خۆیــان رسـوا بـوون و رووی راسـتەقینەیان بـۆ ئـەو جەمـاوەرە ئاشـکرا بـووە کـە پێشـتر چەپڵـەی بەردەوامیان بـۆ لێـداوە.

**ســەرکردەی پۆپۆلیســت گەمەیەکــی قێــزەون دەکات، کــە ئەویــش دروســتکردن و بەرهەمهێنانــی خاپاندنــە.. خــۆی وەک پــاک و بێگــەرد و فریــادڕەس نیشــان دەدات، خەڵکێکــی زۆر لــە خشــتە دەبــات، بەمــەش سەرسـام بوونـی خەڵـک و دەنگەکانیـان بەدەسـت دەهێنـێ، بـەڵام شـتێکی جـوان لەدەسـت دەدات ئەویـش جەوهـەری مـرۆڤ بوونـی خۆیەتــی. دوای لەدەســتدانی دەســەڵات یاخــود مردنــی ئــەو جــۆرە ســەرکردانە ســیحرەکەیان خاڵــی دەبێتــەوە و بزووتنەوەکەشــیان بــێ ســەر دەمێنێتــەوە و دواتــر دەپوکێتــەوە.**

## ئایا شۆڕشی پۆپۆلیستی رودەدات؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هانس وانسینک (Hans Wansink) یەکێک لە بیرمەندانی سیاسیی هۆڵەندا تاوتوێی دەکات. هانس لە ساڵی ٢٠١٧دا کتێبێکی نوسی بەناوی شۆڕشی پۆپۆلیستی. نوسەر دەڵێت لە دوای سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنەکان و پەیدابوونی چەندان بزووتنەوەی پۆپۆلیستی بەهێز لە ئەوروپا دەبێت پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین کە داخۆ کاتی ئەوە هاتووە شۆڕشێکی پۆپۆلیستی سەرهەڵبدات؟ نوسەر لەو باوەڕەدایە کە شۆڕشی فەرەنسا دایکی هەموو شۆڕشە پۆپۆلیستەکانی دنیایە و ئەوانەی زیندانی (باستیل) یان شکاند لە ١٧٨٩دا توند و تیژی شۆڕشگێڕانەیان کردبووە پاساو. هەروەها زیاتر دەڵێت: لە دوای ئەو زەمەنەوە پۆپۆلیزمێکی چەپڕەوانەی شۆڕشگێڕ لە دایک بوو کە وردە وردە بەرەو تیرۆریزم هەنگاوی دەنا. بەهۆی کردەوەکانی ملپەڕاندن و کۆمەڵکوژی نەیارەکانەوە، رۆبسپیر و شوێنکەوتووەکانی بەرپرسیار بوون لە کوژرانی ١٠٠ هەزار کەس. لێرەدا نوسەر پشتئەستور بەو توێژینەوانەی ئەنجامی داون لەو باوەڕەدایە کە بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەی ئازادی و

یەکسانی و برایەتی دەکرێت لە قۆناغێکدا ببێتە توندڕەوی و دەمارگیرییەکی خوێناوی و لە داهاتوودا دووبارە بێتەوە. ئەو لەو باوەڕەدایە پەرەسەندنێکی مێژوویی درێژ خایەن لە سایەی بزووتنەوە پۆپۆلیستەکانەوە سەرهەڵدەدات.

وەک سەرەتا گوتمان هانس لە ساڵی ٢٠١٧ ئەو تێزەی خۆی خستۆتەڕوو، بەلاّم دوای ئەوە هەندێ روداو هاتنە گۆڕێ کە بەتەواوی دۆخەکەی پێچەوانە کردەوە، لەوانەش پەتای کرۆنا لە کۆتایی ٢٠١٩ و جەنگی ئۆکرانیا و روسیا لە شوباتی ٢٠٢٢. ئەو دوو روداوە زەبری کوشندەیان لە گوتاری پۆپۆلیزم وەشاند و تاڕادەیەکی زۆر رووی راستەقینەی حکومەتە پۆپۆلیستەکانیان هەڵماڵی. ساڵی ٢٠٢٢ چوار حکومەتی پۆپۆلیست لە هەر یەکە لە بەرازیل و ڤلیپین و سلۆڤینیا وسریلانکا کەوتن. پەیمانگای تۆنی بلێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی سەرکردە پۆپۆلیستەکان دابەزیوە بۆ کەمترین ئاست لەچاو بیست ساڵی رابووردوودا.

پەتای کرۆنا بۆ خەڵکی سەلماند کە پۆپۆلیستەکان زۆر ناحاڵین و کوێرانە دژایەتی نوخبەی (کەرتی تەندروستی) دەکەن. لە زۆربەی دنیادا پۆپۆلیستەکان

دژی رێنمایـی و چارەسـەرییەکان دەوەسـتانەوە بە تایبەتی ترامـپ لـە ئەمەریـکا. لـە ئیسـپانیا و ئیتالیـا سـاڵی ٢٠٢٠ زۆر بــە تونــدی ئاســتەنگیان دروســت دەکــرد لــە دژی کەرەنتینـە. جەنگـی ئۆکرانیـاش زیاتـر لـە رەهەندێکـەوە پۆپۆلیزمـی هەڵوەشـاند بـەوەی کـە ئەمجارەیـان جەنگەکـە لـە نێـوان دوو سـەرکردەی پۆپۆلیسـتدا بـوو، ئاوارەکانـی جەنگیـش بێگانـە سەرڕەشـەکان نەبـوون بەڵکـو ئەوروپیـە قـژ زەردەکان خۆیـان بـوون!

هەرچەنــدە ئــەو روداوانــە تێزەکــەی (هانــس) لاواز دەکــەن، بــەڵام دەبێــت ئــەوە بزانیــن کــە بنەمــا زانســتییەکانی ئـەو تێــزە تەنهــا بــۆ ئەوروپــا و دنیــای خۆرئــاوا نییــە.

## پۆپۆلیزم لە نێوان باشی و خراپیدا:

ئایـا پۆپۆلیـزم باشـە یـان خراپـە؟ وەڵامـی ئەم پرسـیارە زەحمــەت نییــە، لــەوەی پێشــتر کــە رونمــان کــردەوە بۆمـان ئاشـکرا دەبێـت کـە پۆپۆلیـزم دیاردەیەکـی خراپـە و لــە کۆمەڵگەکانــدا بــە شــێوەی جیــاواز گوارزشــت لــە خراپـی خـۆی دەکات. لێـرەدا دەبێـت راسـتەوخۆ ئامـاژە بـۆ کاریگـەری پۆپۆلیـزم بکەیـن لەسـەر دوو جـۆری کۆمەڵـگا:

- کۆمەڵگــە پێشــکەوتووە دیموکراتــەکان: نمونــەی

ئەمەش وەک ئەمەریکا و ئەوروپا و هەندێ وڵاتانی دیکەی دیموکرات.

- کۆمەڵگە دواکەوتووە تازە دیموکراتەکان: نمونەی ئەمەش کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەش کوردستان.

گروپی یەکەم لە کۆمەڵگاکان خاوەنی دیموکراسیەتێکی دێرین و تۆکمەن، ئەگەر پۆپۆلیزم وەک زریانیش هەڵبکات، بەهۆی تۆکمەیی و بەهێزی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، ئەوە تەنها بە شێوەیەکی کاتی و لێکەوتەی لابەلای دەبێت بۆ سەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە(٧). بەڵام کێشەکە لەگەڵ گروپی دووەمی کۆمەڵگاکاندایە کە کۆمەڵگەی دواکەوتوون و پایەکانی دیموکراسییەت تیایاندا سەقامگیر و بەهێز نییە و دامەزراوەکانی دەوڵەت لەرزۆکن.

---

٧- بۆ نمونە دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا BND ساڵی ٢٠٢١ حزبی (ئەڵتەرناتیڤ لە پێناوی ئەڵمانیا- AfD) وەک حاڵەتی گومانلێکراو خستە نێو لیستی چاودێریکردنەوە. دەزگای ناوبراو لە رێگەی سەرچاوەکانی خۆیەوە لەناو ئەو حزبە تۆماری مەترسیداری ئەو حزبەی دەستکەوتووە، کە هەڕەشەی جددین بۆ سەر سیستەمی دیموکراتی وڵات.

بیرمەنـدی سیاسـی ماتایـس رودویـن (Matthijs Rooduijn) دەڵـێ: پۆپۆلیـزم هێزێکـی کۆمەڵایەتیـی ئازادیخـوازە تەحـەدای دەسـەڵاتی هەژمونخـواز دەکات. پۆپۆلیـزم چەنـد لایەنێکـی بـاش و خراپـی هەیـە، لـە لایەکـەوە ئـەو دەتوانـێ خەمـی خەڵـک بەیـان بـکات و بیخاتـە سـەر مێـزی گفتوگـۆ سیاسـییەکانەوە و دەتوانـێ ئاراستەی تووڕەبوونـی خەڵـک دیـاری بـکات. لـە لایەکـی تریشـەوە وەک پرۆسـەی دیموکراتـی بوونیـان ئاسـایی و خـراپ نییـە، چونکـە بـە گوێـرەی هەنـدێ بۆچوونـی وەکـو ئەرنسـتۆ لاکلاو بەشـداریی سیاسـیی خەڵـک لـە دروسـتکردنی بڕیـاری سیاسـی چالاکتـر دەکات. بێگومـان ئـەو بیرمەندانـە لێـرەدا مەبەسـتیان لـە بزووتنـەوە پۆپۆلیسـتەکانی دنیـای خۆرئاوایـە و لـە هەمـوو نمونەکانیانـدا ئەمەریـکا و بەریتانیـا وفەرەنسـا و هۆڵەنـدا و ئیتالیـا و هەنگاریـا و پۆڵەنـدا دەکەنـە نموونـە، بـە شـێوەیەکی زۆر لاوەکـی نەبێـت خۆیـان نـادەن لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و وڵاتـە دواکەوتـووەکان.

بەوجـۆرە بەهـۆی جیـاوازی یەکجـار زۆر لـە نێـوان ئـەو کۆمەڵگایانـەدا دەرەنجامەکانیـش بـە تـەواوی دوو فاقـە دەکەونـەوە. لـە کاتێکـدا مۆدێرنـەی سـەرمایەداری هـۆکاری بەشـی هـەرە زۆری ئـەو کێشـە و قەیـران و

گرفتانەیە کە پۆپۆلیزم بە قازانجی خودی سیستەمی سەرمایەداری برەو پێدەدات، ئەوا لە وڵاتانی دواکەوتوودا پرسەکان تەواو جیاوازن و تێکەڵەیەکی یەکجار ئاڵۆزن کە دەبێت ئاگایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

## پۆپۆلیزم لە کوردستان:

بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ عێراق وڵاتێکی پەراوێزخراو بوو لە ژێر چەپۆکی دیکتاتۆرێکدا دەینالاند کە حوکمی تاکە حزب تیایدا بەرقەرار بوو. لە دوای پرۆسەی ئازادی و روخاندنی دیکتاتۆریەت، ئیدی دەرگا ئاسنینەکانی عێراق بەڕووی بازاڕ و سەرمایەگوزاریی جیهاندا خرانە سەر پشت و و پرۆسەیەکی زۆر خێرای کراوەبوون دەستیپێکرد. هەروەک چۆن لە ئەوروپای خۆرهەڵات لە دوای هەرەسی بلۆکی رۆژهەڵاتەوە دیموکراسییەت و دواتریش پۆپۆلیزم هاتنە نێو ناوانەوە، عێراقیش هەروا بوو. وێرای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بەڵام دیموکراسییەتێکی نیوەناچڵ و بارگاوی بە هەناسەی دیکتاتۆریەت و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و مەزهەبی لە وڵاتدا سەریهەڵدا و لە گەڵیدا دەیان و بگرە

سەدان حزبی جۆراو جۆر هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسی.

هەرچەندە لەم کورتە شیکردنەوەیەدا بواری ئەوەمان نییە باسی پۆپۆلیزم لە عێراقدا بکەین، بەڵام ڕەنگە سەرنجدانێکی خێرا لە ڕەوتی سەدر بەس بێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی روخساری پۆپۆلیزمی ئایینی موتوربەکراو بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و مەزهەبی بناسینەوە. لە کوردستانیش دۆخەکە بەهەمان شێوەی عێراق بوو، تەنها هێندە نەبێت کە بنەماکانی دیموکراسی (هەرچەندە لەرزۆکیش بوون) لە دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱ ەوە بە هێواشی بە کۆمەڵگە ئاشنا دەبوون.

کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی یەکگرتوو، بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی خێرای ئاوەدانکردنەوە، دواتریش تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دۆخەکەیان گۆڕی و وردە وردە کۆمەڵگەی کوردستانیش گۆڕانی بەسەرداهات و خواست و چاوەڕوانییەکانی خەڵک زیاتر هەڵدەکشان، لێرەوە بەهێواشی زەمینەی بەرەو سەندنی پۆپۆلیزم سەریهەڵدا.

**بەکارهێنانـــی فەیســـبوک و تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــی دیکــە وەک ئــەوەی بــە چــاو دیــارە تەنهــا ئامرازێــک نیــن بــۆ پەیوەنــدی کــردن، بەڵکــو بریتییــە لــە دزە کردنــی کۆمەڵێــک بەهــاو نەریــت و رەوشــت بــۆ نــاو مێشــکی گەنجــان. لــەو جیهانــە ئاڵـۆزەی تۆڕەکانــی ئەنتەرنێــت و گــوگڵ دەســەڵات دەشــکێت، تابــۆکان رەتدەکرێنــەوە و نامێنــن..**

**گەنجــان دەبنــە خاوەنــی فەرهەنگێــک کــە تیایــدا جوگرافیــا و مێــژوو رۆڵــی تێــدا نابینێــت و بەهایەکــی ئەوتــۆی نییــە، ئایدۆلۆجیــای سیاســی ســفر دەبێتــەوە. بــەکار بەرەکانیــان وەک دەروێــش حاڵیــان لێدێــت و دەکەونــە نــاو دنیــای خەیاڵــەوە... خەیاڵــی سیاســی.**

دەتوانیـن پۆپۆلیـزم وەک پێوەرێـک تەماشـا بکەیـن بـۆ بوونـی کێشـە، کەواتـە بـرەو سـەندنی پۆپۆلیـزم لـە کوردسـتان واتـای بـرەو سـەندی کێشـە دەگەیەنێـت. هۆکارەکانـی سـەرهەڵدان و بەهێزبوون و لاوازبوونیشـی پەیوەسـتە بـەو دیاردانـەی کـە دەبنـە هـۆی لەدایـک بوونـی. کەواتـە لـەم سـۆنگەیەوە ئەگـەر بمانەوێـت هەڵسـەنگاندنێک بـۆ پۆپۆلیـزم بکەیـن لـە هەرێمـی

کوردستان ئەوە لێکدانەوە بەنرخەکەی ماتایس رودوین بە نمونە دەهێنینەوە کە دەڵێت پۆپۆلیزم سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر:

١- قەیرانی بەردەوام و درێژ خایەن هەبن.

٢- گەندەڵی بڕستی لە کۆمەڵگە بڕیبێت.

٣- حزبی زۆر و بچوک و چونییەک هەبن.

٤- دڵەڕاوکەی کۆمەڵایەتی و نەبونی متمانە هەبێت.

ماتایس رودوین لەو باوەڕەدایە کە ئەو چوار هۆکارە کۆمەڵگە دەخەنە حاڵەتێکی شپرزەی بەردەوامی ئەوتۆ کە چاوەڕوانی فریادڕەسێک بێت بۆ ئەوەی رزگاری بکات. بێهیوایی و ناکامی و دۆخێکی دەرونی ئەوەندە خراپ دەخاتەوە، کە جەماوەر هیوا بە پارتە دەسەڵاتدار و تەقلیدییەکان لەدەست دەدەن و چیدیکە ئەوان بە بەدیهێنەری خواستەکانیان و بە نوێنەری خۆیان نازانن، بگرە بێزار و جاڕس دەبن لێیان. لێرەوە کەسانێک پەیدادەبن کە پێشتر هیچ رۆڵیان نەبووە و لەپڕێکدا هەڵدەتۆقن و وەک فریادڕەس دێنە سەر سەکۆ و خۆیان نمایش دەکەن. جەماوەریش کە لە حاڵەتێکی دەرونی خراپ و ناهەموارو بێهیوادا دەژین و باوەڕ بە خۆیان دەهێنن کە ئەو سەرکردە تازە پیاکەوتووە فریادڕەسە و رزگاریان دەکات، چونکە

خۆیـان راسـتەوخۆ توانـای ئەوەیـان نییـە سـەرچاوەی زوڵـم و سـتەمەکە لەنـاو بـەرن.

رودویــن لــەو باوەڕەدایــە کــە نزمــی ئاســتی رۆشــبنیری سیاســی و نەمانــی هەســتکردن بــە ئینتیمـا بـۆ کۆمەڵگـە و بـۆ نیشـتمان وا دەکات هەلـی سـەرکەوتن و پێشـکەوتنی پۆپۆلیسـتەکان زیاتـر بێـت. بەمجـۆرە پۆپۆلیسـتەکان کـە دەنگـی بـاش دەهێنـن و دەسـەڵات بەدەسـتەوە دەگـرن لەبـەر ئـەوە نییـە کـە پرۆگـرام و بەرنامـە و ئەڵتەرناتیڤـی باشـیان هەبێـت، بەڵکـو لەبـەر ئەوەیـە کـە جەمـاوەر دەیەوێـت تۆڵـەی خـۆی بکاتــەوە و سـزای هێـزە تەقلیدیـەکان بـدات.

## پۆپۆلیستەکانی کوردستان کێن؟

وەک لــە بەشــەکانی پێشــودا ئاماژەمــان بــۆ کــرد، پۆپۆلیــزم دژە ئەقڵانییــەت و دوور لــە لۆژیکــە، بــەڵام بــە داخــەوە لــە کوردســتاندا دەتوانیــن زیاتــر بڕۆیــن و بێژیــن پۆپۆلیــزم نــەک دژە ئەقڵانییەتــە بەڵکــو هیــچ بنەمایەکــی ئەقڵانییــەت لــە کار و کردەوەکانیــدا پەیـڕەو نــاکات. پۆپۆلیســتەکانی کوردســتان لــە ســەروبەندی هەڵبژاردنەکانـدا تـەواو دەچنـە بـەرەی دژ و سـەنگەر لـە هەمـوو هێزەکانـی دیکـەی (جگـە لـە خۆیـان) دەگـرن

و جەنگێکی رانەگەیەنراو بەرپا دەکەن.

خەڵکی کوردستان تاقیکردنەوەی زۆر خراپی لەگەڵ پۆپۆلیستەکاندا هەیە و تاڵاوی زۆری بەدەستیانەوە چەشتووە. زۆر جار بەکارهێنانی خودی وشەکە دەلالەتێکی خراپی هەیە بە تایبەت لە زمانی رۆژانە و لە میدیاکاندا هەندێ جار وەک سیفەتێکی ناشرین یاخود وەک سوکایەتی گۆ دەکرێت و ئاماژەی پێدەکرێت بۆ ئەو سەرکردە و رێکخراوانەی لەسەر ختوکەی سۆزی خەڵک و دڵەڕاوکەیان دەژین. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کەمێک لە سەر پۆپۆلیزمی کوردستان رابوەستین.

## بۆچی لە کوردستان پۆپۆلیستەکان زیاتر جوڵانەوە و بزووتنەوەن نەک حزب؟

جێگەی سەرنجە لە کوردستاندا پۆپۆلیستەکان حزب دروست ناکەن بەڵکو رێکخراو لە شێوەی (بزووتنەوە، جوڵانەوە، کۆمەڵ،..تاد) دروست دەکەن، ئەوەش چاوەڕوانکراوە چونکە:

١- هەموو ئەو جوڵانەوە و بزووتنەوانە وەک زۆرێک لە پۆپۆلیستەکانی دنیا وەک کاردانەوە دروست دەبن، واتە زەمینەی راستەقینە و واقعییان بۆ سەرهەڵدان و

دروست بـوون نییـە.

٢- حــزب کــە دروســت دەکرێــت لەســەر بنەمــای فکـری سیاسـی دروسـت دەبێـت و ڕێبازێکـی سیاسـی دیاریکـراو یاخـود ئایدیۆلۆژیایـەک دەکاتـە فەلسـەفەی سیاســی خــۆی. ئەمــەش لــە توانــای بزووتنــەوە پۆپۆلیســتەکاندا نییــە.

٣- لــە کاتێکــدا نوخبەیەکـی سیاسـی و روناکبیـر حــزب دروســت دەکــەن و نوێنەرایەتــی چیــن و توێژێکـی دیاریکـراوی کۆمەڵگـە دەکـەن، بزووتنـەوەی پۆپۆلیسـتی دژی ئـەو نوخبانەیـە و خـۆی بـە نوێنـەری هەمــوو گــەل دەزانێــت.

٤- ئــەو جــۆرە ڕێکخراوانــە پێویســتی بــە کاری سیاسـی و فیکـری ئاڵـۆز نییـە، بەڵکـو زیاتـر پێویسـتی بـە دروشـم و قسـەی بریقـەدار و بەڵێـن هەیـە، بەمەش کاری خۆیـان ئاسـان دەکـەن و زۆر کاری پێویسـت لـە کـۆڵ خۆیـان دەکەنـەوە.

٥- ئـەو جـۆرە ڕێکخراوانـە لـە جیاتـی هـەر جـۆرە پرۆگــرام و پەیڕەوێکــی سیاســی و شــیکردنەوەی لۆژیکانـە بـۆ ڕوداوەکان پشـت بـە وتـاردان و لێـدوان و کـۆڕ و کۆبونـەوەی قەرەباڵـەخ و نمایشـکردن دەبەسـتن.

لــە راســتیدا پۆپۆلیســتەکان بــۆ پیادەکردنــی ئــەو مەرامانــەی خۆیــان میدیایەکــی پۆپۆلیســتیش دەخەنــە کار. لــە ســەردەمی ئەمڕۆمانــدا وێــرای ئــەوەی تێچوونــی میدیــا زۆر کــەم بۆتــەوە، پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــاش وایکــردووە کــە دروســتکردنی میدیایــەک بــۆ ئــەو بزووتنــەوە و جوڵانەوانــە کارێکــی ئاســان بێــت. ئاســان بوونــی کاری میدیــا بــۆ رێخــراوە پۆپۆلیســتەکان لــەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە کــە هیــچ پێویســتیان بــەوە نییــە کەناڵەکانــی راگەیاندنــی ســەنگین و پرۆفیشــناڵیان هەبێــت، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە بەشــی هــەرە زۆری پرۆگرامــی میدیــای پۆپۆلیســت خاڵییــە لــە نــاوەڕۆک چونکــە لــە بنەڕەتــا ئامانــج لــەو میدیایــە ئەوەیــە کــە لــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــی مێگەلــدا بەشــدار بێــت. ئــەو جــۆرە لــە میدیــا بــە هیــچ شــێوەیەک پابەنــد بوونــی نابێــت بــە ئیتیکــی رۆژنامەوانــی و زیاتــر کار لە ســەر وروژانــدن و گوتاری حەماســی و ختوکەدانــی هەســت و ســۆزی بینــەرەوە دەکات. دواجــار میدیــاش هاوشــێوەی هەمــوو ئامرازەکانــی دیکــە لــە لایــەن پۆپۆلیســتەکانەوە پەلکێشــی ســەر جــادە دەکرێــت و روت و رەجــاڵ دەکرێتــەوە لــە هەمــوو واتایەکــی تایبــەت بــە کاری میدیایــی. لامــان ســەیر نییــە لــە کوردســتان ئەگــەر تەنهــا یــەک دوو رۆژ بــۆ ســەلماندنی ئــەو وشــەیە بەســەر شــەقامە گشــتییەکاندا تێپەڕیــن ئــەوە ژمارەیەکــی بەرچــاو

کەناڵ و مایکەکانی گواستنەوەی هەواڵ دەبینین کە بۆتە دیاردەی زەقی میدیای پۆپۆلیست و وروژێنەر. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەوەندەی دیکە کارئاسانییان پێشکەش کردووە بۆ کار کردن بەو ئاراستەیەدا. سەرەنجام لە ڕێگای میدیای چەواشەوە گەورە ترین کردەوەی خاپاندن و دیماگۆگی بەڕێوە دەبەن و لە زۆرترین پرسە هەستیارەکاندا خەڵک لە خشتە دەبەن و بە هەڵەیاندا دەبەن.

**ماوەیەک بەر لەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هێرش بکاتە سەر کوردستان، یەکێک لە کەناڵە پۆپۆلیستەکان بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هیچ هەڕەشەیەک لەسەر هەرێمی کوردستان نەماوە و پێویستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵوەشێتەوە. بەڵام دواتر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش پەیدا بوو، ئەگەر بەرگری پاڵەوانانەی هێزی پێشمەرگە نەبوایە ئەوا تەواوی ناوچەکانی دیکەی کوردستان هاوشێوەی شەنگال دەکەوتە بەردەم جینۆسایدی ئەو تیرۆرستانە.. هێزی پێشمەرگەی کوردستان نزیکەی ٣ هەزار شەهیدی لەو شەڕانەدا بەخشی.**

## پۆپۆلیستەکانی کوردستان چۆن ئیدارەی ململانێ دەدەن؟

بزووتنەوە پۆپۆلیستەکانی کوردستان لە بنەڕەتدا بزووتنەوەی نارەزایین، ناتوانن رێکخراو بن، هەر ئەمەشە وایان لێدەکات لە دەرەوەی سیستەم و دامەزراوەکاندا لەگەڵ جەماوەر پەیوەندی بگرن. ئەو جۆرە پەیوەندییەش تەنها لەسەر شەقام دەبێت، بە کۆکردنەوەیان و راپێچکردنیان بۆ سەکۆکانی کۆبوونەوەی خۆیان. ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو رەفتارەیان بدەین ئەوە خێرا هەست بە فشۆڵی و لەرزۆکی گوتاری سیاسی پۆپۆلیستەکان دەکەین. ئەوان پشت ئەستور بە سیستەمی دیموکراسی و سیاسی دێنە سەرشەقام و خەڵک کۆدەکەنەوە و خۆپیشاندانی پێدەکەن ئەمەش بە روونی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوانە (فرسەتێکی سیاسی)یان هەیە لە چوارچێوەی رژێمی دیموکراسیدا (با لاواز و عەیباریش بێت) بۆ ئەوەی تەعبیر لە خواستەکانی خۆیان بکەن، کەچی لەهەمان کاتدا لەدەرەوەی ئەو سیستەمە و بە پشت بەستن بە خودی ئامرازەکانی دیموکراسی لە جەستەی ئەو سیستەمە دەدەن، بۆ رۆژی دواتر وەکو قەوارەی سیاسی خۆیان دەناسێنن و لە چوارچێوەی ئەو

پرۆسـە دیموکراسـیەی کـە ڕەتیـان دەکـردەوە، بەشـداری سیاسـی دەکـەن و دەچنـە نێـو پەرلەمانـەوە.

هێشـتا هاوڵاتیانـی کوردسـتان خۆپیشـاندانەکانی ١٧ی شـوباتی ٢٠١١یـان زۆر بـاش لـە یـاد مـاوە. لـەو خۆپیشـاندانانەدا کـە تونـد و تیـژی زۆری لێکەوتـەوە و لـە ژێـر کاریگـەری شۆڕشـەکانی بەهـاری عەرەبیدا لاسـایی دەکرانـەوە، پۆپۆلیسـتەکان سـواری شـەپۆلەکانی بـوون و خۆیـان کـردە دەمڕاسـتی خەڵـک و بـە نـاوی زۆرینـەوە قسـەیان دەکـرد. هەرچەنـدە داخوازییەکانـی خەڵـک هـەر هەمـووی داخـوازی ڕەوا بـوون و دەرهاویشـتەی ئـەو هەمـوو سـتەم و قەیـران و ناعەدالەتییـە بـوون کـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا پەنگـی خواردبـۆوە و دەکـرا وەک جوڵانەوەیەکـی جەمـاوەری و ئۆپۆزیسـیۆن بـەدەر لـە تونـد و تیـژی لـە خزمەتـی پرۆسـەی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتاندا بوایـە، بـەڵام ئـەوە پۆپۆلیـزم و سـەرکردەی بەنـاو کاریزمـا بـوون کـە بـە دەسـتەکانی خۆیـان گیانـی ناڕەزایەتـی و ئۆپۆزیسـیۆن بوونـی ئـەو خەڵکەیـان کوشـت و سـواری شـەپۆلەکانی ئـەو ناڕەزاییـە بوونـەوە و هـەر لـە سـەر پشـتی ئـەو شـەپۆلانەش خۆیـان گەیانـدە دەسـەڵات و دواتریـش لـە نـاو دەسـەڵاتدا ڕووی ڕاسـتەقینەیان ئاشـکرا بـوو.

## پۆپۆلیستەکانی کوردستانمان لە دەسەڵاتدا چۆن بینی؟

وەک پێشتر باسمان کرد، پۆپۆلیزم ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. ستراتیژی سەرەکی ئەو کارەش گوتاردان و خۆگیف کردنەوە و کۆکردنەوەی خەڵکە. سەرەنجام پۆپۆلیستەکانی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بوون و لە رێگای دەنگدانەوە هاتنە نێو کایە سیاسییەکەوە.

دەکرێت جوڵانەوەی پۆپۆلیستی لەگەورەترین وڵات دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، بەڵام گرەنتی بەردەوام بوونی نییە، لەبەر ئەوەی ناتوانن خوێندنەوەی واقیعیانە بۆ رووداوەکان بکەن و لۆژیکانە ئیدارەی ململانێکان بدەن چونکە دووچاری هەندێ گرفتی جەوهەری دەبنەوە لەوانەش:

یەکەم- دروستکردنی حکومەت پێویستی بەوە هەیە کە هاوپەیمانی لەگەل حزبە نا پۆپۆلیستەکاندا ببەسترێت ئەمەش ئاسان نییە، چونکە پێکهێنانی کابینەی حکومەت و هاوپەیمانی لەسەر بناغەی لێکدانەوەی هاوبەش و تێگەیشتنی هاوبەش و بەرنامەی کاری هاوبەش دەکرێت، ئەوەش ئاستەمە چونکە پۆپۆلسیتەکان ناتوانن لەگەڵ

ئـەو حزبانـەدا حکومـەت دروسـت بکـەن کـە تـا دوێنـی بـوو خۆیـان بـە دوژمنـی گەلیـان دەزانیـن.

دووەم- دەتوانـن دەنـگ بێنـن بـەڵام ناتوانـن حکومەت بەڕێـوە بـەرن. چونکـە ئـەوان لەسـەر بنەمـای هەنـدێ بەڵێنـی قەبـە دەنگیـان هێنـا و ئیسـتا ناتوانـن هیچـکام لـەو بەڵێنانـە بەرنـە سـەر.

سـێیەم- بـە مانەوەشـیان لـە نـاو حکومەتـدا وەک ئۆپۆزیسـیۆن، دەبنـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم بەڕێوەچوونـی رۆژانـەی کارەکانـی حکومـەت و دەکەونـە پەراوێـزەوە.

**بزووتنـەوە پۆپۆلیسـتەکان لـە بنەڕەتـا بزووتنـەوەی ناڕەزاییـن، ناتوانـن رێکخراو بن و دەسـەڵات بەدەسـتەوە بگـرن. کـە دێنـە سـەر دەسـەڵات کارەسـات دەخوڵقێنـن، ناتوانـن بـەردەوام بـن و لـە دژی ئـەو دام و دەزگایانـە بوەسـتنەوە کـە تـا دوێنـێ بـوو خۆیـان دژی بـوون و بـە گەنـدەڵ و زیـادە وەسـفیان دەکـردن، بۆیـە زۆر بـە خێرایـی سـحرەکەیان خاڵـی دەبێتـەوە، چونکـە ئـەو چارەسـەرو بەڵێنانـەی کـە ئـەوان بـە جەماوەریـان داوە خەیاڵییـە و بـەدی نایـەت..**

**سـەرنج: لـە کوردسـتانیش پۆپۆلیسـتەکان دەیانگـوت موچـەی کابـان دەبڕینـەوە و لـە پـارەی ئـاو و کارەبـا موچـەی بـەردەوام دەدەیـن، بـەڵام لـە دەسـەڵاتدا نەیانتوانـی ئـەو بەڵێنانـە ببەنـە سـەر.**

خەڵکــی کوردســتان بــەو جــۆرە پۆپۆلیســتەکانیان لــە دەســەڵاتدا بینــی. ئەوانیــان لــە دەرەوەی حکومــەت وەک ئۆپۆزیســیۆن بینــی و لــە نــاو حکومەتیــش ئەوانیــان بینــی کــە چــۆن ســێ ســەد و شەســت پلــە لــە دژی دروشــم و بەڵێنەکانــی خۆیــان وەســتانەوە. ئەوانیــان بینــی کــە لەنــاو دامەزراوەکانــی حکومــەت و وەزارەت و دەســەڵاتەکانی جێبەجێکردنــدا چــۆن بوونــە مۆرانــە و مشــەخۆر بەســەر ئــەو جەمــاوەرەی کــە تــا دوێنــی بــوون بەڵێنــی بەهەشــت و فیردەوســێکی راســتەقینەیان پێــدەدان. ئەوانیــان بینــی کــە چــۆن و چەنــد جــار ســەنگەریان گواســتەوە تــا چ رادەیــەک دەنگدەرەکانــی خۆیــان نــا ئومێــد کــرد.

## یەکێتیی نیشتمانی و پۆپۆلیزم:

لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی پۆپۆلیزمــەوە لــە کوردســتان چ لەســەر ئاســتی رێکخــراوەکان و چ لــە ســەر ئاســتی تاکــە کــەس، ئاراســتەی تیرەکانیــان هەمیشــە روو لەســنگی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بــووە. زۆنــی ســەوز پشــکی شــێری بەرکەوتــووە لــە جوڵانــەوەی پۆپۆلیســتیدا، دەتوانیــن ئــەوەش بێژیــن کــە زۆنــی ســەوز جوگرافیــای چەکەرەکــردن و گەشەســەندنی پۆپۆلیــزم بــووە.

بۆچـی زۆنی سـەوز لەبەردەم رەشـەبای پۆپۆلیزمدایە؟ ئـەوە ئـەو پرسـیارە گرنگـە چارەنوسسـازەیە کـە دەبێـت شـیکردنەوەی زانسـتی بـۆ بکرێـت و وەڵامێکی دروسـت بدرێتـەوە. راسـتە زۆنـی سـەوز لـە مێـژە جوگرافیایەکـی زینـدوو بـووە و لانکـەی لەدایـک بوونـی زۆربـەی هـەرە زۆری جوڵانەوە سیاسـی و رۆشـنبیرییەکان بـووە و ئەمە خەسـڵەتێکە کـە لەگـەڵ سروشـتی خۆیـدا گونجـاوە، بـەلام دیسـان جێگـەی رامـان و پرسـیارە کـە بۆچـی دەبێـت کەسـانی پۆپۆلیسـت، میدیـای پۆپۆلیسـت، زۆنـی سـەوز بکەنـە تاقیگـە و خۆیـان گوتەنـی (هـەر بـە هـەوەس) وەک مشـەخۆر لەسـەر جەسـتەی ئـەم ولاتـە نیازەکانـی خۆیـان جێبەجـێ بکـەن؟

لـەو باوەڕەدایـن چەنـد هۆکارێکـی بابەتـی و خـودی زۆر هـەن کـە دەتوانیـن بیکەینـە هەوێـن بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەو پرسـیارە. لـە هـۆکارە بابەتییەکانـدا لێکدانـەوە بەنرخەکـەی ماتایـس رودویـن کرۆکـی ئـەو کێشـانەن و ئەگـەر چارەسـەر بکرێـن ئـەوە هەرگیـز پۆپۆلیـزم ناتوانێـت زەفـەر بـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان بەرێـت. سـەبارەت بـە هـۆکارە خودییەکانیـش واتـە ئەوانـەی تایبەتـن بـە خـودی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتانەوە رەنگـە پرسـی ناسـنامە باشـترین وەڵام

و هەنگاوی یەکێتیی بێت دژی پۆپۆلیزم. ناسنامەی یەکێتی لە بونیادی سۆسیۆلۆژی یەکێتیی گەورەترین کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە مێژووی ئەو حزبەدا، بۆیە لە ململانێکانماندا دژی پۆپۆلیزم دەبێت بەر لە هەموو شت ناسنامەی حزبیی ئێمە ڕەنگداوەی بونیادی فیکری خۆمان بێت. ناسنامەی یەکێتی وەک حزبێکی سۆشیال دیموکرات و عەلمانی و پلورالیست و بەرجەستەکردنی لە کارو کردەوەکانمان و لە ناو فراکسیۆنی حزبی خۆماندا لە هەولێر و لە بەغدا، یەکێکە لە باشترین ئەو کارانەی کە دەبێت لەم شەڕەدا ئەنجامی بدەین.